# ستەمكاری و بەرەنجامەكانی!!!!

## كارخانەیەك بۆ بەربەریزەكردنی كۆمەڵگا و سەركوتكردنی دەنگە جیاوازەكان.

رێبوار ڕەزا چوچانی — rohani1983@gmail.com



وەك دەروازەیەك بۆ چونە نێو ئەم روانینە، حەزم كرد لە چیرۆكی پادشای جەنگەڵەوە دەست پێبكەین، كە لە ناو جەنگەڵێكدا گیانلەبەران بەبێ ئەوەی هیچ تێگەشتنێكیان هەبێت لە بارەی شێرەوە، بەڵام هەر زوو بە قسەكانی فریو دەخۆن و دەیكەنە پادشای خۆیان، "ئیتر لەو رۆژەوە مام شێری دانا!! پادشایە و تەواوی گیانلەبەرەكانی تری جەنگەڵ كۆیلەن و ناحەقیان لێدەكات، دوای ماوەیەكی زۆر هەموو گیانلەبەرەكان كۆ دەبنەوە بۆ بەگژدا چونەوەی مام شێر و دانانی سنورێك بۆ تەجاوزاتەكانی، بەڵام مام شێری دانا!!! هەر زوو بەمە دەزانێت، تازە كارەكە لەوە گەورە ترە كە گیانلەبەرەكان هیچیان پێبكرێت، بۆیە هەر زوو مام شێر هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی هەندێكیان دەدات، ئەوانیتریش كە كەوی نابن بۆی، پەلاماریان دەدات و پەراش پەراشیان دەكات، ئیتر لەو رۆژەوە مام شێر پادشای جەنگەڵە و هەندێك لە گیانلەبەرەكانیش بەبێ هیچ هۆیەك خزمەتی دەكەن، هەندێكیتریشیان لە ترسان هەر دەبێت خزمەتی بكەن"، ئەمە تاكە چیرۆكێكە كەتا ماوەیەكی زۆر پێوەی سەرقاڵ بوم، هەمیشە ئەو پرسیارەم لا دروست دەبوو، كە بۆچی لە پاداشتی ئەو فەزیلەتەی كە گیانلەبەرەكان بەخشیان بە شێر، بەڵام شێرەكە هەوڵی سەركوتكردنی ئەوانیدا، ئەمە تاكە چیرۆكێكیش بوو كە هەمیشە بە دایكم دەمگێڕایەوە، بەڵام هەر كاتیكیش ئەو چیرۆكەی بۆ دەگێرامەوە، خێرا پرسیاری جۆراوجۆرم لێدەكرد، چونكە شێرێك كە ئاماژە بێت بۆ ئاشوب و ستەمكاری و زەبر و زەنگ و كوشتنی گیانلەبەرانی تر، بۆچی دەبێت بكرێتە پادشا و سەری كۆیلەیی بۆ نەوی بكرێت و ببێتە رەمزی جوامێری جەنگەڵ، لە بەرانبەردا دەیان گیانلەبەری دیكە هەیە، كە ئاماژەن بۆ هێمنی و ئاسودەیی و خۆشەویستی، بەڵام ئەوان فەرامۆشبكرێن، بۆیە هەر كاتێك دەكەوتمە پرسیار كردن، لە بارەی ستەمكاری شێرەوە دایكم هەر ئەوەندەی دەوت" چوزانم هەموو زۆردارێك وایە"، ئالێرەوە یەكەمین روانیی من بۆ ستەمكاری و پێدانی فەزیلەت بە ستەمكاری سەریهەڵدا، دواتریش هەمیشە خەریكی پرسیار كردن بوم لە خۆم، لە بەرانبەر تیاچونی هەستە ئینسانیەكانی خودی ستەمكار و دەرچونی لە فۆڕمی ئینسانبون و خۆ بینینەوەیان لە فۆڕمی دڕەندەبوندا.

* * * *

بەڵام پرسیار ئەوەیە ستەمكاری كەی مانیفێستی خۆی دەكات؟ لە دوای تێڕامان و بیركردنەوە لەم پرسیارەش، ئاشنای واقیعێك دەبین، كە پێمان دەڵێت ستەمكاری لە دۆخێكدا سەرهەڵدەدات، كە پێشتر ئامادەگی بۆ دروستبونی هەبوبێت، لە زەمەنیكدا دەست دەگرێت بەسەر تەواوی كایەكانی ژیاندا، كە لە لایەن دەوروبەرەكەیەوە پاڵپشتی تەواوی لێبكرێت و بە دۆگماییەوە ئامادەی خۆ سازكردن بن، بۆ پێشوازی لەو دۆخە تازانەی كە دوای ستەمكاری دێنە پێشەوە، ستەمكاری لە فەزایەكدا مانیفێستی خۆی دەكات، كە سەروەرییەكانی عەقڵ و تێڕوانین و تێفكرین و ناسینی دیاردەكان و هەوڵدان بۆ كەشفكردنی ئەو دیوی دیاردە و حاڵەتە ناتەندروستەكان لە ژێرپێنرابێت، لە سەردەمێكدا ستەمكاری دەردەكەوێت، كە زۆرینەی ئینسانەكان دۆگمایی باڵیكێشابێت بەسەر عەقڵیەت و بیركردنەوەكانیاندا، لەو كاتەی كە دۆگمایی جێگەی عەقڵیەتە كراوەكانی گرتەوە و دەرفەتی پرسیار كردنی نەهێشتەوە، كە تارماییە خورافییەكان هیچ بەهایەكیان بۆ رەهەندە عەقڵانیەكان

نەهێشتەوە، لەو کاتەی کە زۆرینەی ئینسانەکان مەستی دوای ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕە تاریك و نارۆشنەکان بون و خورافیات سەرچاوەی ئیلهام وەرگرتن و روانینـەکانیان بێـت، بـۆ ژیـان و دەوروبـەر و مرۆڤایـەتی و پرسـیار و تیفکـرین و هـەنگاونان و دروشمەکانیان، ئالەو کاتەی کە جەهل فەرمانڕەوایەتی دەکات و دۆخێك دروست بوو، کە کار بە دەستانی دەسەڵات "نەیانزانی کە نازانن"، لەوێدا ستەمکاری دەست دەگرێت بەسەر تەواوی رەهەندەکانی ژیـان و روانین و ئاراسـتە وەرگرتنـەکانی ئینسـان و روبـەروی لـە دەسـتدانی بـەها ئینـسانیەکانیان دەکاتـەوە و، مـرۆڤ لـە سروشـتی خـۆی لادەدات و دەیانکاتـە کۆیلـەی خـۆی و سەرقاڵیان دەکات بە دوبارە کردنەوەی ئەو شێوازە ژیانەی کە خۆی باوەڕی پێیەتی و ئەو شیعاراتانەیان پـێ دەرخ دەکـات، کـە ستایشی ستەمکار و دەسەڵاتەکەی دەکەن، تا هەمیشە شکۆی ستەمکار بە گەورەیی بمێنێتـەوە و زیاتر هـەوڵی باڵابونی خـۆی بدات، ستەمکاری بەر لە هەموو شتێك ڕێ لە دەنگە جیاوازەکان دەگرێت و دەیەوێت تێکڕای ئینسانەکانی بندەستی، لـە دەوری یەك بیرکردنەوە و یـەك ئاراستەی روانین کـۆ بکاتـەوە و سـەرجەمی بنـەمای بیرکردنـەوە و روانینـەکان لـە خـودی سـەتەمکارەوە سەرچاوە بگرن، یەکەمین هەنگاویش بۆ دروستکردنی هەیمەنەیەکی ستەمکاری، ڕێگرتنە لە دەنگـە جیاوازەکـان و هەوڵدانـە بـۆ سەرکوت کردنیان، کە بە شێوەیەکی خۆڕسکی ئەم هەوڵەش دەچێتە خانەبەندی ئەو هەوڵانەی کە بۆ بەربـەریزەکردنی کۆمـەڵگا دەدرێت، دەبێتە یەکێك لەو کارە نابەجێیانەی کە لە دژی ئازادی رادەربڕین ئەنجام دەدرێت، دەبێتە یـەکێکیش لـەو پیلانـەی کـە بۆ لە باربردنی ئازادی و مافە مەدەنییەکان دادەرێـژرێت، بۆیـە پێویسـتە هـەموو دەسـەڵاتە سیاسیەکان، کـە پـەنا بـۆ ئـەم جـۆرە هەوڵانە دەبن، بەو پەڕی هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم لایەنەدا بکەن، چونکە بەرەنجامێکی مەترسیداری دەبێت.

بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئـەو جـۆرە کۆمەڵگایانـەی، کـە ئـەم جـۆرە هەوڵانـەی تێـدا ئـەنجام دەدرێـت و دەسـەڵاتە سیاسیەکان بـەپێی ویستی خۆیـان، دەیانـەوێت ئاراسـتەکانی کۆمـەڵگا و شـێواز و هـەل و مـەرجی ژیـانکردنی تاکـەکان دیـاری بکەن، کە ئەم حاڵەتەش سەری هەڵدا، ئیتر بە شێوازێکی ئۆتۆماتیکی دەسەڵات لە فۆڕمی ستەمکاریدا مانفێستی خۆی دەکات، ئـەم حاڵەتـەش زیـاتر لـە کۆمـەڵگا کەلاوەئاسـاکاندا سـەرهەڵدەدات، ئـەو کۆمەڵگایانـەی کـە لـە نـاو کەلاوەیـەکی مـەعریفی و کولتوریدا، خـەریکی تێکشکاندنی  تاکەکانی خۆیانن و خـەریکی دروسـتکردنی بڕوایـەکن بۆ تاکـەکانیان، کـە هـیچ شـتێك بـەو کۆمەڵگایەوە نایانبەستێتەوە جگە لە پێڵاوەکانیان، "هەروەك چۆن ئەو بڕوایە بۆ محەمەد ماغوتیش دروست ببوو"، کاتێکیش ئـەو بڕوایـە دروسـتبوو بـۆ تـاکی هـەر کۆمەڵگایـەك، ئـەوا تاکـەکانی هەمیـشە وەك وێڵگـەردێك بـە دوای سـەرزەمینێکی دیکـەدا دەگەڕێن، کە بتوانن ئەو هەستە ئینسانیە دیلکراوانەی خۆیان ئازاد بکەن، کە لە کۆمەڵگا کەلاوەئاسا پەڕپوتەکەی خۆیان لێیـان زەوت کـراوە و دیـسانەوە لـە فۆڕمی ئینـسانبوندا مانیفێـستی خۆیـان بکەنـەوە، بـە دوای سـەرزەمینێکدا دەگـەڕێن کـە بیکەنـە بەهەشتی ئارەزووەکانی خۆیان و بۆ ساتێکیش بێت، لە کۆت و بەندەکانی کۆمەڵگا کەلاوەئاسا دۆزەخییەکەی خۆیان رزگاریـان ببێـت، ئـەو کۆمەڵگایانـەی کـە شوناسـی کـەلاوەییبون دەیانگرێتـەوە، دۆخێـك بەسـەریاندا زاڵـە کـە مـرۆڤ لـەو پـەڕی بێبەهاییدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و شوناسی ئینسانی لێدەسەنرێتەوە، بۆیە دەبینین زۆربەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایانە، پشت دەکەنـە کۆمەڵگاکانی خۆیان و روو لە کۆمەڵگایەکی تر دەکەن، هەموو توانایەکیشیان دەخەنەکار و وزە و هێزیان بۆ خزمـەتکردنی ئـەو کۆمەڵگا تازە ئاشنابووە دەخەنە کار، چونکە حەقیقەتی ئەو حاڵەتە ئەوەیـە، کـە ئـەوان لـە کۆمـەڵگاکانی خۆیاندا روبـەڕی تـرۆر کردنـی رۆح و لـەژێر پێنـانی شعور و کەرامـەتیان بونەتـەوە، بـەڵام هەرچـی کۆمـەڵگا تازەکەیـە باوەشـی بـۆ دەکاتـەوە و ئاشـنای ژیانگەلێکی تازەی دەکات، کە ئینسان تێیدا لەسەروی هەموو شتکانەوەیە و هەموو هـەوڵ و کارەکـان بـە خـاتری بـەرز راگرتنـی بەهای ئینسانی دەبێت، ئەگـەر لـە زەینـی کۆمەڵگاکـەی ئەمـدا ئینـسان بێقیمەتـە و نابێـت ئـازادی قسەکردن و پرسیار کردن و لێپرسـینەوەی هـەبێت، لـە بەرانبـەر بـە فیرۆدانـی سـامانە گـشتیەکاندا و هـەموو سـامانە گـشتیەکان بـە مـوڵکی دەسـەڵاتە ئەرستۆکراتیە ستەمکارەکان بناسرێت و، تەنیا ئەوان مافی پێدانی ژیانیان هەبێت بە ژێردەستەکانیان، ئەوا لـەو کۆمـەڵگا تـازە ئاشنابوەدا روبەڕی ژیانگەلێك دەبێتەوە، پڕاوپڕ لە کەناڵی ئاڵ و واڵا بۆ ڕێزگرتن لە ئینسان و ئاسانکاری بۆهـەل و مەرجـەکانی ژیانیان، ئەمەش لە زەینی ئەم تاکەدا دۆخێکی تازە دەبێت و بە ئەرکی خۆی دەزانێت، خزمـەت بـەو کۆمـەڵگا تازەیـە بکـات، کـە ئاشنای ڕێزگرتنی لە شعورە ئینسانیەکانی کردوە و ڕێدەگیرێت لە هەر حاڵەتێك کە ببێـە فاکتەری بێدەنگی.

لە هەر کۆمەڵگایەکدا پلانی کوشتنی دەنگە جیاوازەکان داڕێژرا و، دەسـەڵاتی سیاسـی بـە پێـی میزاجـی خـۆی، مـاف و ئـەرکی

ئینسان و پانتایی بواره مەدەنیەکانی دەستنیشان کرد، ژیان لەو کۆمەڵگایەدا هیچ مانایەکی نابێت جگە لە تۆمار کردن و ئەرشیفکردنی ئەو نامەعقولیانەی دەسەڵاتی ستەمکار کە دەرحەق بە ئینسانەکان دەکرێت، ستەمکاری لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا هەڵگری کۆمەڵێك رقی ترسناکن، هەڵگری کۆمەڵێك ڤایرۆسی کوشندەن، کە هەموو ئامانجێکیان لە ناو بردن و سەرکوتکردنی ئینسانە و هەمیشە دەیانەوێت لە ڕێگەی بڕیارە نا مەنتقیەکانی خۆیانەوە، دەست بگرن بەسەر ئارەزو و خەون و ئیحساسە ئینسانیەکان، دەست بگرن بەسەر ماف و ئیمتیازات و ئازادییە فەردییەکاندا، ئەوان دەیانەوێت بە ئینسان بڵێن ئێوە هیچ نین لە سایەی ئێمەدا و دەبێت عەقڵیەتیشتان هەمان عەقڵیەتی نەوەکانی ئێمە بێت، ئەو نەوانەی کە لە ئەشهەدوبیلا زیاتر هیچیتر نازانن، لە سێبەری دەسەڵات زیاتر ناتوانن هیچی تر بن، ئەوان هیچ نازانن جگە لە ستایشی ئێمە و دەبێت هەموو ئینسانێکیش وەك ئەوان وا بێت ئەگینا مافی ژیانی لێدەسێنینەوە، ئەمە ئەو پەڕی مەنتقی دەسەڵاتی ستەمکارە لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا، ئالەوێدا کە لە بەرانبەر دەیان بڕیاری ستەمکاریانەی دەسەڵاتدا خەڵك بێدەنگی هەڵبژارد، ئیتر ستەمکاری دروست دەبێت و دەست دەگرێت بەسەر تەواوی سەروەریەکانی ئینسانداو، هەوڵی تاساندنی دەنگە جیاوازەکان دەدات، لەوێدا ستەمکاری تاوانەکانی زیاتر دەکات و بوار بۆ مەدەنیەت و مومارەسە کردنی ئازادی و ژیانی دیموکراسیانە ناهێڵێتەوە، لە هەمانکاتیشدا سەرهەڵدانی ستەمکاری ئەوەندەی پەیوەندی بە هەوڵەکانی خودی ستەمکارەوە هەیە، کە بۆ ئەو مەبەستە دەیانخاتە گەڕ، بۆ مەیسەر کردنی غەریزەکانی، ئەوەندەش پەیوەندی بە لادانی عەقڵی ئینسانەوە هەیە لە ڕێرەوی خۆی، چونکە ئەو کات ئینسان ناتوانێت رەهەندە عەقڵانیەکانی خۆی بخاتە کار، بۆ ناسینی حەقیقەتی دیاردە نێگەتیڤەکان، ئەو کات دۆگماییانە بە دوای پرۆژە سەقەتەکانی ئایدیۆلۆژیا و دەسەڵاتی سیاسی دەکەوێت، کە دواجار ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە دوای کەوتوە، دەبێتە رەگەزێکی سەرەکی بۆ دروستبون و سەرهەڵدانی ستەمکاری و ئەو دەسەڵاتەش کە شانازی پێوە دەکات، دەبێتە دەسەڵاتێکی دۆزەخی و تێکڕای بوارەکانی ژیانی تاکەکان داگیر دەکات و، مافی هاونیشتیمانیبون و هاوڵاتیبون و ئینسانبونیان لێدەسێنێتەوە.

* * * *

کاتێك عەقڵ لە ڕێرەوی سروشتی خۆی لایدا و ئاراستەی بەرەو فەزایەکی نامۆ بە خۆی گرت، ئیتر هەرچی بوار هەیە، کە پێویستە عەقڵ لە بەرانبەریدا بە کاربهێنرێت سادە و ساکار دەردەکەون، کە لە بنەڕەتدا دەشێ لە روی عەقڵەوە تێڕامان لە ئاستیاندا بکرێت، بەرئەنجامی ئەو ساکار بونەوەش ئینسان وا لێدەکات، کە لە ئینسانێکی کامڵی خاوەن بیرکردنەوەی قوڵ، دەبێتە ئینسانێکی عادی و ئەوەی ئاشنای نەبێت بیرکردنەوەیە، ئەوەی ئاشنای نەبێت پرسیار کردنە، بەڵکە هەر خۆشی زۆرجار دەبێتە بکوژی ئەو کاراکتەرەی ناخی کە هانی دەدات بۆ پرسیار کردن لە ئاست دیاردە و حاڵەتە ناتەندروستەکاندا، یاخود تێفکرین لە ئاست ئەو دۆخانەی کە مەودای بیرکردنەوەی ئەو تەقەبولی ناکات، بۆیە هەمیشە ستەمکار دەیەوێت خۆی لە فۆڕمی موقەدەسیدا مانیفێست بکات، تا لەوێوە دەست بگرێت بەسەر عەقڵ و هۆشی تاکەکاندا، لەو کاتەشدا کە سروشتی عەقڵی ئینسان گۆڕانی بە سەردا هات و ئاراستەی گرت بەرە و دۆخێکی ناسروشتی، ئیتر بە لێکدانەوەکانیشی ناتوانێت حەقیقەتی شتەکانی بۆ دەربکەوێت، لەم روەوە مەسعود محەمەد وەك رۆشنبیرێك کە لە سەردەمی خۆیدا هاوتای کەم بوە، لە ناو پانتایی رۆشنبیری کوردیدا و هەمیشە کاری تێڕامان بوە لە ئاست ئەو حاڵەتە ناتەندروستانەی باڵی کێشابوو بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، ئەم دۆخەی کە ئینسان تێیدەکەوێت وا وێنای دەکات، کە دۆخێکە مرۆڤ لە نێویدا لێکدانەوەی بۆ دیاردەکانیش، لێکدانەوەیەکی دروست نابێت و لە دەوری بازنەیەکی چەقبەستوی هەڵەکاریدا دەخولێتەوە و کێشەی لێکدانەوەی دروستی بۆ دروست دەبێت، ئەو دەڵێت" کێشەی هۆشی مرۆڤ ئەوە نیە کە نایەوێت دیاردەکان لێکبداتەوە، بەڵکو ئەوەیە کە بە هەڵە لێکیان دەداتەوە"، هەر ئەم فاکتەرەشە وا دەکات، کە بەبێ بیرکردنەوەیەکی کامڵ بۆ پێشهاتەکانی دوای سەرهەڵدانی دۆخە تازەکان، زۆرینەی ئینسانەکان بە دوای بیرکردنەوەی تاکێکدا دەڕۆن و دەبنە کۆیلە و خزمەتکاری ئەو تاکە، بەڵام دواتر هەر ئەو کەسانەی دەبنە بەشێك لەو ناشیرینیانەی کە ئەو تاکە دروستیان دەکات، بەڵکە هەر ئەو تاکە دەست

دەگرێت بەسەر ئازادییەکانی خودی خۆشیاندا، لێرەدا کێشەی بە هەڵە لێکدانەوەکانی ئەو تایپە لە مرۆڤ دەردەکەوێت، چونکە هێشتا لە بیرکردنەوە و روانینەکانی ئەو تاکە تێنەگەشتون، بەڵام هەر خۆیان هەوڵی بالاّبونی دەدەن و دواتریش هەر خۆیان دەبێت ببنە قوربانی، بە خاتری مانەوەی شکۆی ئەو تاکەی کە زۆربەی ئینسانەکان زەمینەیان بۆ خۆشکرد تا ببێتە ستەمکار، بەر لە هەموو شتێك راستیەك هەیە و نابێت خۆمانی لە ئاستدا گێل بکەین، ئەویش ئەوەیە هیچ یاخی بونێك نابێتە بەرجەستەکەری ئەو دروشمانەی کە هەڵیدەگرێت، چونکە ئەو دروشمانە زیاتر بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵکە و کۆ کردنەوەیانە، لە دەوری ئەو خوانەی کە ئەو گروپ و تاکە دروستی دەکات، ئێمە بینیمان دەیان یاخی بوو لە ئەنجامی پەیڕەو کردنی ناعەدالەتیەکان و لە سەروی هەموو شیانەوە ناعەدالەتیە کۆمەڵایەتیەکان، بەڵام لە دوای دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات لە لایەن ئەو یاخی بوانەوە، دەبینین خودی ئەو یاخیبوانەش، دەبنە بکوژێکی ترسناکی هەموو عەدالەتیەکان و عەدالەتی کۆمەڵایەتیش کە لە پێناویدا یاخی بووە، هەر خودی خۆیان دەبنە هۆکاری پشتگوێخستنی و هەر باوەرێشیان پێینامێنێت و بگرە ئەنفالیشی دەکەن، هەروەك چۆن ڕیمۆن ئارۆنیش ئاماژە بۆ ئەم حاڵەتە دەکات و دەڵێت"کەسێك کە بۆ سبەینێ بەڵێنی عەدالەت دەدات، کەڵك لە بێبەزەییانەترین ئامراز وەردەگرێت"، یاخیبون بەر لە هەموو شتێك هەڵگری تۆوی ستەمکارییە و تاکە پرۆژەی زۆربەی یاخیبونەکانیش، دروستکردنی هەیمەنەیکی ستەمکاری نوێیە، دروستکردنی هەیمەنەیەك کە تەنیا بڕیار بە دەستی ژیانی رۆژانەی خەڵك نەبێت، بەڵکە بتوانێت دەست بگرێت بەسەر تەواوی بیر و هۆش و ئیرۆس وئازادی و ماف و ئیمتیازاتەکانی تاك و دانانی ڕێگای بیرکردنەوە و ئاراستەکردنیان بەرەو کۆیلایەتی، کۆنترۆڵ کردنی هەستە ئینسانییەکانیان و شۆردنەوەی دەماخی تاکەکان و جێگیر کردنی هەندێك بیروبڕوای بەد، کە جگە لە بچوك کردنەوەی ئینسان و لە ناو بردنی ئەو هەستەی" من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم" و، کوشتنی خەونە رەنگاڵەییەکانی ئینسان و سڕینەوەی شوناسی ئینسانی ئینسانەکان هیچی تری لێبەدی ناکرێت.

ئەو کاتەی کە تاکێك یان گروپێك بە ناوی جۆراوجۆرەوە یاخی دەبێت و زۆرێك لە خەڵکیش بەبێ حاڵیبون لەو پێشهاتانەی کە رو دەدەن، بە دوایان دەکەون و خۆیان دەکەنە قوربانی بۆ سەرکەوتنی ئەو پرۆژەیەی کە هەموویانی کۆ کردۆتەوە، دەبێت پێش هەموو شتێك لەوە دڵنیا بن، کە ئەو تاك و گروپە ئەوەندەی هەوڵی ئازاد کردنی خۆیان دەدەن لە دەست خەفەکردنی غەریزەکانی خۆیان، ئەوەندە هەوڵ بۆ ئازادی کۆی ئینسان نادەن کە لە شیعاراتەکانیاندا هەڵگرینی، چونکە لە ناخیاندا تۆوی ئەو ستەمکارانەی پێش خۆیان سەوز بوە و دەیانەوێت بەرەنجامەکەی بخۆن، ئەو یاخی بونانە لە هەناوی خۆیاندا ئەوەندەی هەڵگری بەژەوەندی و غەریزەی جۆر بە جۆری ئەوانەن کە رایان دەپەڕێن، ئەوەندە هەڵگری حەقیەقی ئازاد کردنی ئینسان نین، بۆیە منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو بۆچونەی کە پێیوایە، هەموو ئەو یاخی بونانە، بە موژدەی فیردەوسی دەست پێدەکەن و لە دیلکردن و بە کۆیلە کردنی ئینسان و بە مێگەل کردنی کۆمەڵگا و دروستکردنی حوکمێکی ستەمکاری دۆزەخیانەدا هەوڵی بالاّبونی زیاتری خۆیان دەدەن و، لە سڕینەوەی شوناسی ئینسانی ئینسانەکاندا کۆتاییان دێت، بەمەش دەبنە بنەمایەك بۆ دروستبونی ستەمکارییەکی فەزیح.

ستەمکار لە ناخیدا هەڵگری کۆمەڵێك خەونی لە میژینەی خۆیەتی، کە دواجار لەو دەرفەتانەی کە بۆی دەلوێت، هەوڵی خۆ خاڵی کردنەوە دەدات لەو خەون و غەریزە دێرینانە و هەوڵی دەست بە سەرداگرتنی تەواوی کەرامەت و شوناسی ئینسانی ئینسانەکانی تر دەدات، ئەگەر غەریزەی ئینسانێکی سادە لە هەندێك مانای بچوکدا خۆی ببینێتەوە، کە بریتین لە هەندێك ئارەزوگەلی بچوك و رەفاهیەتیەکی کەمی ژیان، بەڵام بە پێی هەڵکشانی پێگەی ئینسان ئیتر ئارەزوەکانیشی گەورەتر دەبێت، ئەوکات ئەگەر ئینسانێکی ئاسایی ئارەزوی ژیانگەلێکی ئارام و ئاسودە و بەختەوەر بکات، لە بەرانبەردا ستەمکار دەیەوێت دەست بگرێت بەسەر تەواوی ئەو ژیانگەل و ئارەزوگەلەی کە کۆی ئینسانەکانی بندەستی هەیانە و، لە وێشەوە تەجاوز بۆ سەر کۆمەڵگا و پانتاییە جوگرافیاییەکانی دیکەش بکات،"لێرەوە دەتوانن بگەڕێنەوەی بۆ گفتوگۆیەی هیرۆدۆسی ستەمکار و سایمۆندیسی شاعیر، لە کتێبی ستەمکاری فاروق رەفیق، کە لە وێدا هیرۆدۆسی ستەمکار، لە رۆحێکی ستەمکارییەوە باس لە ژیان و ئاروزوگەلێکی سەرشێتیانەی ستەمکاریانەی ستەمکاران دەکات"، ئەوەش بەرەنجامی کرداره عەقڵیەکانی مرۆڤە، کە وا دەکات هەوڵی بە دەستهێنانی ئارەزوەکانی خۆی بدات، ئەگەر بە گرتنەبەری ڕێگای توندوتیژیش بێت، کاتێك توندوتیژیش لە

ناو عەقڵیەتی ئینسانەکاندا جێگەی خۆی کردەوە، دەروازە دەکاتەوە بۆ هاتنە پێشەوەی مەترسی گەورە و دور مەودا، کە دەبێتە فاکتەری سەرهەڵدانی ئەو توندوتیژیانەی کە تەواوی حورمەت و بەها ئینسانیەکان بەرەو سڕینەوە و فەوتان دەبات، دیسانەوە مەسعود محەمەد، ئاماژە بۆ ئەم حاڵەتەش دەکات و دەڵێت "راستە مرۆڤ وەك هەموو هەموو گیانلەبەرانی دی، غەریزەی هەیە و هەندێ لە رەفتارە چاك و خراپەکانی شی دەکاتەوە، بەڵام رۆڵی عەقڵ هەزارجار لەوە مەترسیدار ترە و تەنانەت ئەگەر لە یاساکانی خۆی لایدا، لە توند و تیژی و خراپەدا خەیاڵی خەیاڵبزانیش دەبەزێنێت"، کەواتە تێکەڵکردنی غەریزە بە ئەفکارەکانی ئینسان و دواتر باڵابونی غەریزەکان بەسەر رەهەندە عەقڵانییەکاندا، دەبێتە فاکتەری سەرەکی لادانەکانی ئینسان و بردنیان بەرەو ئاڵۆزییەکی شێواو، کە دواجار دەبێتە سەرەتایەك بۆ سەرهەڵدانی هەندێك دیاردەی نێگەتیڤ لە ناو بیرکردنەوەکانی ئینسانداندا، کە مرۆڤ لە لە ئاست بەرەنجامەکانیاندا، روبەڕوی شۆك دەبێتەوە و ناتوانێت تێگەشتنێکی وای هەبێت، کە گوزارشتەکانی لە بارەی ئەو حاڵەتانەوە گوزارشتگەلێکی تەواو بێت و بتوانێت لە بارەیانەوە بدوێت، بۆیە هۆکارێکی تری هەموو ئەو حاڵەتە پڕ توندوتیژیانەی کە رو دەدەن و دواجار ستەمکاری بچوك بچوك بەرهەمدەهێنێت، پەیوەندیان بە خودی بیرکردنەوەکانی ئینسانەوە هەیە و هەر لە ئەنجامی ئەو ناڕونییە عەقڵیەوەیە، کە دۆگمایانی دوای ستەمکاری کردەوەگەلێکی وا ئەنجام دەدەن، ئەو پەڕی فەزاحەت بێت لە بەرانبەر کۆی ئینسانیەتدا، ئالێرەدایە کە تێیگەشتنێکی نا عەقڵانی لە بارەی دیاردە و حاڵەتە نێگەتیڤ و بڕیار و کار و ئەخلاقیاتەکانی ستەمکار، ئاراستە دەگرێت بۆ گەورەتر کردنی هەیمەنەی دەسەڵاتەکەیان، لەم کاتەشدا لە لایەن ستەمکارەوە خۆ پەرستی سەرهەڵدەدات و ئەوەی خۆی پێی باش نەبێت، دانی پێدانانێت و حەقیقەتی ئەم کارەش لە خودی ئەخلاقیاتی ستەمکارەوە سەرچاوە دەگرێت، بەمەش خۆ پەرس دەبێت و هەموو شتەکان لە خودی خۆیەوە دەبینێت، هەرچەندە فەیلەسوفی بە ڕەگەز جولەکە ئەمانوێل لێڤیناس، خودێتی وا پێناسە دەکات کە تەنها بون لە پێناو خۆ نیە و دەڵێت" خودێتی بریتی نیە لە بوون لە پێناو خۆدا، بەڵکە بریتیە لە بوون لە پێناو ئەوی دیکەدا"، کەواتە دەبێت لەو پرسیارەوە دەست پێبکەین، کێ لە پێناو ئەوی دیکەدا دەژی؟، کێ هەیە بونی خۆی و بونی ئەوی دیکە بە یەکەوە گرێ بداتەوە، ستەمکاری هیچ کاتێك نایەوێت پێڕەوی لەوە بکات، کە هەموو کردەوەگەلەکانی بە قازانجی ئەوی دیکەی هاوڵاتییە، بەڵکە وای دەبینێت کە هەمیشە دەبێت بونی هاوڵاتی، لە خزمەتی شکۆ و هەیبەت وباڵایی ئەودا بێت و بیانکاتە قوربانی بە خاتری مانەوەی پێگە و شکۆی خۆی، ئەوەی ستەمکار دەیکات نەبونی بە حەقیقەت بینینی ئەو بەرپرسیاریانەیە، کە پێویستە لە بەرانبەر ئەوی دیکەی هاوڵاتیدا رەچاوی بکەن، ئەمەش بە بەرپرسیارەتی لە بەرانبەر حەقیقەتدا دەزانن و لێرەشدا هەست بەو هەوڵدانە زەقەی ستەمکار دەکرێت، کە بۆ روپۆشکردنی ناشیرینی و ناعەدالەتیەکانی خۆی لە بەرچاوی دەگرێت، ئەمانوێل لێڤیناس پێیوایە کە "بەرپرسیارەتی لە ئاست حەقیقەتدا، بەبێ بەر پرسیارەتی لە ئاست ئەوی دیکە بونی نیە"، بەڵام بۆچی لە کۆمەڵگای ئێمە لە زۆر کاتدا بەرپرسیارەتی لە ئاست ئەوی دیکە بونی نیە؟، بۆچی پێکهاتە مۆڕاڵیەکانی سەردەستەکانی ئێمە تەنیا لە خۆ بینیندا پەنگی خورادۆتەوە و بارگاوە بە خۆپەرستی و خۆ بە هەموو شتێك زانین، "ئایە ئەمە پەیوەندی بە ئەخلاقیاتی چینی سەردەستەی کۆمەڵگاوە هەیە، کە دواجار لە رێگەی هەر هۆکارێکەوە بێت گواستراوەتەوە بۆ زاکیرەی ئەوی دیکەی تاك؟، یان پەیوەندی بە بە شێوازی پەروەردەکردنەوە هەیە؟"، کە ئیتر لێرەوە کار دەکرێت بۆ بەخشینی رویەکی گشتگیر و کار دەکرێت تا ئەم مۆراڵە ببێتە مۆراڵێکی دەستەجەمعی کۆمەڵگا، ئەم حاڵەتەش زیاتر پەیوەندی بە ئاستی هۆشیاری و دنیابینی تاکەکانەوە هەیە، پەیوەندی بە ئاستی کراوەیی عەقڵیەتی ئینسانەکانەوە هەیە، کە تا چەند دەتوانن حەقیقەتی دیاردە و حاڵەتە نیگەتیڤەکان ببینن، تا چەند دەتوانن ئەو دیوی شتەکان ببینن و راڤەکاری و خوێندنەوەیەکی دروستیان هەبێت بۆ ئەو حاڵەت و دۆخانەی، کە لە ئەنجامی پرۆژە و ئەخلاقیات و یاسا و رێسا ستەمکارییەکانەوە دێنە پێشەوە.

دواجار ئەگەر ئەو حاڵەتانەی باسمان کرد، لە یەکێك لە رەهەندەکانەوە بگوازینەوە بۆ سەر کۆمەڵگای کوردی، دەبینین کە هێشتا سێبەری ستەمکاری سەرزەمینی ئەم کۆمەڵگایەی داپۆشیوە، هێشتا نەتوانراوە رۆحی تاکی کورد لە گاریگەییە نێگەتیڤەکانی ستەمکاری پاك بکرێتەوە، هێشتا نەتوانراوە ترس و دڵە راوکێی ستەمکاری لە زەینی تاکی کوردی بڕوێنرێتەوە، لە گەڵ ئەوەشدا کە نەتوانراوە هەموو ئەم کارگەلە بکرێت بۆ سڕینەوەی تارمایی و مەترسیەکانی ستەمکاری لەناو رۆحی تاکی

ئەم کۆمەڵگایەدا، بەڵام هەوڵی دروست کردنی ستەمکارییەکی خۆماڵی دەدرێت، کە ترسناکیەکانی ستەمکاری خۆماڵی 10 بەرانبەری ترسناکیەکانی ستەمکاری دەرەکییە، یەکەمین هەنگاویش بۆ دروستکردنی ستەمکاری خۆماڵی، هەنگاو هەڵهێنانە بۆ کوشتنی دەنگە جیاوازەکان بە بیانوی جۆرا و جۆرەوە، وەك چۆن ئێستا باس لە دروستکردنی لیستی رەشی نوسەران و رۆژنامەنوسان و رۆژنامەکان دەکرێت، کە ئەمەش دەچێتە چوار چێوەی هەوڵەکان بۆ کامڵ کردنی ستەمکاری خۆماڵی...